# زەردەپەڕی بەیانیان

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

**1**

لەزەردەپەڕی بەیانیەوە
لەرەنگی پایز دەڕوانم
تاکوو تەنهایم پێبەخشێ
رەنگی پایز بۆتە
گەڵای وەریووی وەرزی من
لەودیوو پەرچەمی وەریوی پایزەوە
دەڕوانمە نمەی چاوانت
تاکوو تاریکستانی سەررووت
بەگوڵ بۆنی کەم ناوت؟

**2**

ئەمشەو باڵندەی دڵ من
بۆتە فریشتەی رۆحی تۆ
هەر رۆژێک بێ لەشەقەی باڵدەدەنء دەفڕن
لەنێوان قەفەسی باڵندەو عەشقی مندا
ئەوە پەپولەی دڵمە
بەدزیەوە
بەرەو رووت دێ.

**3**

گەر تۆرۆژێک بێتء بتەوێ
بەماچ ئاشتم بکەیتەوە
دەبێت ماچی سەرلێوت
تینویەتی دڵم بشکێنێ
ئەوەمنم لەدامێنی ئەوماچەدا
بوومەتە درەختێکی ووشک بوو.

**4**

لەدەروازەو روخساری دڵمەوە
چەندەها ماچی گەرمت بۆدەنێرم
ماچی ئاشتی
سپی وەک بەفر.

**5**

تۆ کازیوەی بەربەیان بوویت
منیش نیگای چاوەکانت
سپێدە شعرێکی پێبەخشیم
زەرد بوو وەری
نەگەشتمە دیدەنیء هەوارت.

**6**

لەشەوانی ئەنگوستەچاوو پڕ تاریکیدا
دەڕوانمە تروسکای خۆر
تاکوو بۆنی تۆم بۆبێنێ
بشێ ئەو تروسکایە پەنجەرەی دڵم
بکاتەوە.

**7**

من کزەی بام، زۆر خۆش دەوێ
وەکوو کاژمێژەکەی ژوورسەرم
شنەی شەماڵ لەگەڵ خۆیا دێنێ
ئەوەی کزەو شنەی شەماڵی نەبینیبێ
نازانێ سەرچاوەی عەشق
لەکوێوە سەردەردێنێ.

**8**

چەند دەمەوێت پەنجەرەی دڵ بکەمەوە
لەگەڵ عەشق ئاست ببمەوە
دەیان شۆفار دەبنە رێگر
تاکوو پەردەی دڵم لەناوبەرن.

**9**

شەو دۆزەخە
مەرگیش وەک ئەو
ئەوکاتانەی مەرگ ‌ء
دۆزەخ بەیەک دەگەن
من بیر لەچاوەکانی تۆ دەکەمەوە.

**10**

دەریا هەرگیز بێزار نابێ
بۆساتێکیش ئارام نابێ
ئەوەی شەپۆلی دەریای نەبینیبێ
نازانێ سێبەری عەشق لەکوێیە.

**11**

وەختێک عاشق دەبێتە
مۆمێکی سوتاو
هیچ دەنگێک لەو سامناکتر نیە
کاتێک عاشق دەبێتە
شووشەیەکی شکاو
هیچ دەنگێک لەو، بەسوێ تر نیە.

**12**

من رۆشنایی خۆرو
گرمەی هەورو
لێزمەی بارانم هەرناوێ
ئەگەر بۆنی سوتانی عەشقی
تۆی تیا نەبێ.

**13**

سوتانی عەشق سەفەرێکی ناوەختە
رۆشنایی دەکاتە تاریکی
ئەوەی عەشقی لێدزرابێ
دەزانێ هەناوی چ رەنگێکە